# ئەو کڵاوە بۆ لەسەر یەکگرتوو نرا؟

موحسین جوامێر

"یەکگرتوو" وەک هێزی سێیەم وکارا لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا،هەر لەو ڕۆژەی دامەزراوە و بە فەرمی خۆی ڕاگەیاندووە ، چ لە ڕووی تیۆری و چ لە ڕووی پراکتیزەکردنەوە ، سەلماندوویەتی کە هەبوونی ئەو لە زەوینەی واقیعدا پێویستییەکی نەتەوەیی مەزن بوو، هەروەها هەبوونی ئەو لە پرۆسەی گۆڕانکارییەکانی . لە داهاتوودا . ڕووبەڕووی گەلی کوردستان دەبنەوە ، مەزنترە...

بۆ هەڵسەنگاندنی هەرلایەنێک یاخود هەر بزاڤێک ، دەکرێ ڕابوردوو و حاڵی حازری بکرێن بە نموونە و ئەوجا لە قەپان بدرێ و هەڵبسەنگێندرێ... بە خوێندنەوەی هەڵوێستەکانی "یەکگرتوو" لەمەڕ مەسەلەی کورد وتێڕوانینی ستراتیژییانەی بۆی و وردبوونەوە لە مامەڵەی ئەو لەگەڵ بەسەرهاتە تفت و تاڵەکانی شەڕی براکوژیدا وهەوڵی هەمیشە ئاشتییانەی،هەروەها ڕەنج و تێکۆشانی ئەو لە ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد وڕۆڵی نوێنەرانی لە داڕشتنی دەستووری کاتیدا... دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە وەلانانی ئەو هێزە لە پرۆسە وپۆستی کاریگەردا . چ جای هەق لێزەوتکردنی . بە زەرەری هەم ئەو دیموکراتییەی بانگەشەی بۆ دەکرێ و هەمیش بە زیانی کورد تەواو دەبێ...

ئەرێ ...؟هەر لەو ڕۆژەی ئەم "یەکگرتوو" ە دامەزراوە تا بە ئەمڕۆ گەیشتووە ، نەفرەتی لە دوو بەرەکی وشەڕی کوردکوژی کردووە و یەکەم هێزە . تاکو ئێستا . پەنجە ی یەکێکی بە خوێندا نەهێنابێ و بەردەوام پەرێزی خۆی بە پاکێ پاراستبێ...ئەگەر نەشیتوانیبێ شەڕی گەورە و ماڵوێرانکەر بنبڕ بکا یآن قەڵاچۆی ناکۆکیی پرزەبڕ بکا، توانیویەتی داوێنی جەماورێکی هاوڕا لەگەڵ خۆیدا لە پەڵەخوێنی بەناهەق ڕژاودا ،بەرکەنار بکا... هەتا کە ئەندامێکی کارا و هەمیشە بێچەکی لێ تەرۆر کرا(مامۆستا فوئاد چەلەبی)ددانی بەخۆیدا گرت و گوتی حەواڵەی خودا بن !

لە یادمە لە سەردەمی هەڵبژاردندا، هۆگرانی "یەکگرتوو" لە دەرەوەی وڵاتدا بۆ لیستی کوردستانی، چۆن خۆیان لە سەنگەردا مەڵاس دا، نە سرەوتیان هەبوو نە خەو... دەرگە نەما لێی نەدەن، کەسێ نەما تەلەفۆنێ بۆ نەکەن، نەک تەنیا هەوادارانی خۆیان؛ بگرە هەر یەکێکی بیانناسیبایە یان مەرحەبایەکیان لەگەڵدا هەبووایە... ئەگەر لە پێشترێدا لاوان بە عەشق بە بەرەو پیری مەرگەوە دەچوون، ئەوا لاوانی "یەکگرتوو" هاوڕێ لەگەڵ شەپۆلی گەلەکەیان . بۆ تۆڵەی خوێنی ئەو شەهیدانە . بەبەرەو پیری هەڵبژادنەوە دەچوون..

<u>من وەک بابایەکی بێلایەن</u> ، بەڵام لایەنگری هەر لایەنێکی لای کورد بگرێ و کوردستان بەهەند هەڵبگرێ ، لەو قەناعەتەم غەدرێکی یەکجار . یەکجار . لە " یەکگرتوو" دەکرێ...

چونکە چ ڕەوای هەقە هێزێکی کوردستانی کە بەپێی " گرێبەستە" یەک لەگەڵ "هاوپەیمانی کوردستانی"دا ڕێک کەوتبێ و بەرژەوەندی خۆی وەلا نابێ ، ئێستە بێن پشتی لێ بکە ن و بەبێ پرسی ئەو خێر بە "وەزارەت"ی وی بکەن وبێ مۆڵەتی ئەو ماڵی بکەن بەسەربەشی ماڵان ... کێ دەڵێ ئەو وەزارەتە وەبەر کۆنە بەعسییەک نەکەوتووە !...پیاو لەوەش ماللەق

دەمینێ،ئەگەر ئەوان لە سەروبەندی برێمەردا وەزارەتێکان وەرگرت ؛ ئەوا لە دەوروزەمانی کورداندا لێیان زەفت کرا.

ئەو کارەی ئەمجارە لەگەڵ یەکگرتوودا کرا ، سەرەتایەکی ترسناکە و بۆنێکی ناخۆشی لێ دێ و زیانی بۆ ڕەوتی ئێستە و داهاتوو هەیە... ئەگەر هەر هێزێکی کوردستانی ، سیفەت و تایبەتمەندیی خۆی هەبێ بۆ خزمەتکردنی پرسی پڕلە گرێپوچکەی کورد ، ئەوا گومانی تێدا نییە "یەکگرتوو". بەلانی کەمەوە . ئەو ڕایەڵەیە کە دەنگ و داوای کورد بە چین وتوێژێکی گرنگی دەرەوەی کوردستان . کە لەگۆڕانکارییەکاندا خاوەن هەڵوێست و بڕیارە . رادەگەیەنێ

، ئەوەش هەروەک لە ڕابوردوودا کرا وبەری خۆی هەبوو.هەموو لایەن و سەرکردە سیاسییەکانیش ئەم ڕاستییەدەزانن وهەفکۆیانە پەسندیان داوە.

سەیروسەمەرە لەوە دایە ، بۆ پینەوپەڕۆکردنی ئەم هەڵە بە ئەنقەست و پڕ لە پەڵەیە ، هەر بەرپرسێک شەکرێک دەشکێنێ ... یەکێ دەڵێ ئێمە بەڵێنمان بە"یەکگرتوو " نەداوە وەزارەتیان بدەینێ ، ئەویدی دەڵێ ئێمە لەسەر کاغەز هیچ هەرێ "وەعدە"یەکمان پێ نەداون... هێژا نێچیرڤان . یش فەرمووی ئێمە غەدرمان لە "یەکگرتوو"کرد !! ... ئاخۆ ئەگەر قسەی دووانەکەی پێشوو هەق بێ ،باشە لە سەر و بنی دنیای سیاسەتدا بووە لایەنێکی سیاسی پەیمانێک لەگەڵ لایەنێکی دیکەدا ببەستێ . با بێ کاغەزیش بێ . بێ ئەوەی سوود و مەنفەعەتێکی خۆی تێدا ڕەچاو بکا و هەر لە ڕاهی خوا؟ !!... بۆ ناگوترێ: کڵاومان لەسەر "یەکگرتوو" نا و تەواو؟

Mohsinjwamir@hotmail.com